

# بەهۆڕنی ئۆتۆمبێل پەست دەبێت

هونەرمەند وەیســی محەمەد لــە لێدوانێكدا بەگوڵانــی ڕاگەیانــد، حەز نــاكات لەهیچ هونەرمەندێك بچێت و زۆر بەكەمی دەگرێیت.

وەیســی محەمەد یەكێكە لەوهونەرمەندانەی كەخاوەن دەنگێكی خــۆش و ئەدایەكی بەرزە، دوایــن بەرهەمی خۆیی بڵاوكــردەوە بەناوی (هەر نەهاتی ) ئێســتاش خەریكی كۆمەڵێك میلۆدی ترە كاری دووانیان تەواو بووە، وەیسی بەگوڵانی ڕاگەیانــد، هەموو كات خەون بەوە دەبینێت كەبتوانێت بەردەوام كاری جوان بكات، هەروەهــا حەزیش نــاكات كارەكانی لەكاری هیچ هونەرمەندێك بچێت .ئــەو هونەرمەندە وەك باســی دەكات و دەڵێت، زۆركەم دەگریت، بەڵام منداڵ زۆر كاریگەری لەســەر دەكات و لە دڵەوە خەم بۆ منداڵان دەخوات بەتایبەتی ئەو كاتانــەی كە منداڵ غــەدری لێدەكرێت.

وەك خۆی دەڵێت: هیچ كێشــەیەكی نییە لەگەڵ خــواردن و زۆریش حەزیش حەز لەخواردنە كوردییــەكان دەكات بەتایبەت داندۆك و هاوڕێكانی.

هەروەها لەبارەی سەیر كردنی یاری تۆپی پێ وتی : زۆر كەم سەیری یاری تۆپی پێ دەكات، بەڵام زۆر سەرسامی ڕۆناڵدینۆیە، ئــەو هونەرمەندە ئەوەش بــاس دەكات كە زۆر ڕقی لە هۆرنی ئۆتۆمبێڵە و زۆریش بەگەرما توڕ ەدەبێت.



# بەدەر لەهەنار كەسێكی ئاساییە







دێرین عومەر كە ناسراوە بەهەنار لەنێو خەڵك لە لێدوانێكدا بەگوڵانی راگەیاند، وكو كەسێكی ئاسایی ئازاد نییە لەنێو خەڵك وپیشی خۆشە سەیری دراما بیانیەكان بكرێت بۆئەوەی سوودی لێوەربگرن بۆكاری هونەری.

دێرین عومەر لەســاڵی ١٩٨٤ لەشاری سلێمانی لەدایكبووە، دەرچووی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرەكانی سلێمانییە، بەیەكێك لەئەكتەرە بەرچاوەكانی دراماییی گەردەولوول دادەنرێت و ڕۆڵی (هەنار )ی تێدا دەبینی بە (گوڵان)ی ڕاگەیاند: خەڵك زیاتر بە هەنار بانگی دەكات نەوەك (دێرین) بەلاشیەوە شتێكی ئاساییە و دەڵێت: ئەگەر خۆشەویســتی بۆ كارەكتەرەكە نەبێت خەڵكەكە بەهەنار بانگم ناكەن بۆیە هیچ كاتێكی پێی نارەحەت نەبوومە، بەڵام وەكو كەســێكی ئاســایی ئازاد نیم لەنێو خەڵك واتا دەبێت ســنوورێك بۆخۆت دابنێیت، چونكە هەرشتێك بكەم یەكسەر پەنجەت بۆ ڕادەكێشرێت . هەرچەندە ئەو پابەند نەبووە پێیەوە لەبەر ئەوەی بەدەر لەهەنار كەسێكی ئاسایی خۆی نیشان دەدات. (دێرین) ئەوەش دەخاتەڕوو كە بەشدار دەبێت لەبەشی سێیەمی دراماییی گەردەلوول و وتی: هەر بەهەمان كەســایەتی هەنار بەشــداری دەكەمەوە . لەبارەی ئاستی دراما كوردییەكان دێرین ووتی: دراما كوردیەكان تائێستا نەگەیشتۆتە ئاستی دراما جیهانییەكان، هەروەها بە كارێكی گرنگ و پێویســتی دەزانێت سەیری دراما بیانییەكان بكرێت بۆئەوەی سوودی لێوەربگیرێت و دەڵێت، بۆنموونە كاتێك من سەیری دراما توركییەكان دەكەم هەوڵدەدەم هەر كەموكوڕییەك هەبێت لە كارەكانی خۆمدا و لەو درامانەدا هەیە دەستنیشان بكەم بۆ ئەوەی بزانم كارەكتەرەكان چۆن وەكو خۆی بەرجەستە بكەم و لایەنە باشەكان پتەوتر و لایەنە لاوازەكانیش كەم بكەینەوە بەتایبەت لەحاڵەتە جیاوازەكان بۆئەوەی سوودی لێوەربگرم نەوەك لاسایی كارەكانی ئەو بكەمەوە .

**فۆتۆ: سەفین ئیسماعیل**



گوڵان

# حەزی لە ئۆتۆمبێلی بەرزە وەکو ئینفنتی

خانمە هونەرمەندی شاری سلێمانی نیان عەبدوڵڵا لەدیمانەیەك لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لەدواکەوتنی ئەلبوومەکەی دەکات و جەختیش لەوە دەکاتەوە گەر بتوانێت بەئەدایەکی باش گۆرانی بە زارەوەکانی تریش دەڵێت.

نیان عەبدوڵڵا یەکێکە لە هونەرمەندانی شاری سلێمانی سەرەتایی کاری هونەری دەگەڕێتەوە بۆساڵی ١٩٩٦ هەروەها یەکەم گۆرانیشی لەساڵی ١٩٩٦ تۆمارکردووە، ئەمساڵیشی بەرهەمێکی بڵاوکردەوە بەناوی (بیرت ئەکەم )، نیان لەبارەی ئەلبوومەکەیەوە دەڵێت « ئەلبوومەکەم لەکاتی خۆی بڵاونەکرایەوە زۆر گلەییم لەڤین کرد، بەڵام ئەوان هۆکارەکەیان گەڕاندەوە بۆچاپکردنی سیدیەکە لە تورکیا، ووتیان بۆیە نەمانتوانی لەکاتی خۆی دایبەزێنین . نیان لەبارەی ووتنی گۆرانی بە زاراوەی کرمانجی وتی : سەرەتا وابیرم دەکردەوە کە گۆرانی وتن بەزاراوەی کرمانجی بۆ من زۆر سەخت بێت. دوای گۆرانی (حەمکێ تۆڤی ) لەگەڵ تیپی مۆسیقایی دهۆك زۆر دەستخۆشیم لێکرا ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە ترسم نەمێنێت دواتر وتیان دەنگت خۆشترە کە گۆرانی بەزاراوەی کرمانجی بڵێی نەك سۆرانی بۆیە زۆر خۆشحاڵم کە ئەم دوو گۆرانیەم ئامادە کرد ئەگەر هەبوایە هی باشتر ئەویشم لەگەڵ بەرهەمەکەم ئامادە دەکرد.

ئەو خانمە هونەرمەندە ئەوەش دەخاتەڕوو بۆ بەرهەمی داهاتووی هەوڵدەدات بەزاراوەکانی تریش گۆرانی بڵێت، بەڵام بەمەرجێك بتوانێت باش ئەدای گۆرانییەکە بکات کە لەتوانایدا هەبێت و لەگەڵ دەنگی بگونجێت . نیان وەك باسی دەکات دەڵێت « لەتوانام داهەیە ناوبانگ زیاتر بەدەست بهێنم حەزیش لەکاری جوانتر دەکات .داواش لە ئاوازدانەرو شاعیران دەکات ئەوانەی دەیانەوێت کار لەگەڵ نیان بکەن بتوانن هۆنراوە یا خود ئاواز بۆ دەنگی ئەو دابنێن ئەوا پەیوەندی پێوە بکەن بۆ ئەوەی کاری باش بەیەکەوە ئەنجام بدەن . نیان سەبارەت بە سازدانی کۆنسێرتی تایبەت بەخۆی دەڵێت «زۆر کەس پێم دەڵێت دەنگت لەسەر شانۆ باشترە نەوەك لەنێو ستۆدیۆ، لەستۆدیۆ تۆزێك ترسم هەیە، بەڵام لەسەر شانۆ بەم شێوەیە نیم نەك بڵێم باسی خۆم دەکەم، بەڵام گەر هونەرمەند توانی لەسەر شانۆ بەتوانا بێت نەشێوێت ئەوا دەتوانێت کۆنسێرت بکات . لەساڵی ١٩٩٩ کۆنسێرتێکم ساز کرد، زۆر سەرکەوتوو بووم نۆ گۆرانیم بەسەریەکەوە ووت بۆماوەی یەك کاتژمێر، کەچی ئێستا بۆکۆنسێرت دەبێ وەزارەتی ڕۆشنبیری هاوکاریم بکات وەکو چۆن ئەو هونەرمەندانەی لە دەرەوە دێنەوە هاوکاریان دەکات، چونکە من بەتەنیا ناتوانم ئەو ئەرکە بخەمە سەر شانی خۆم .من قسەم لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری کردووە بۆ کۆنسێرت زۆریان پێخۆشبووە، بەڵام نازانم دەگەینە چ ئەنجامێك چونکە تەنیا قسەمان کردوە لەسەری.

نیان عەبدوڵڵا حەزناکات بەیەك ستایل کاربکات لەمبارەیەوە دەڵێت، سەرەتا کارەکانی هەڵکەوتم پێ جوان بووە کاتێك قسەم لەگەڵ کرد ووتی دەبێت هەموو ئەلبوومەکە من ئامادەی بکەم منیش حەز ناکەم بەتەنیا یەك کەس کارم بۆ بکات . ڕێزم هەیە بو کاك هەڵکەوت، بەڵام من حەز ناکەم یەك کەس کارم بۆ بکات بەتەنیا کارەکانیشم پێی جوانە. نیان دەشڵێ: یەکەم جار بەسلۆ دەستم بەگۆرانی وتن کرد زۆر خەڵك گلەیی ئەوەی لێدەکردم کە بۆچی گۆرانیەکانم هەموو غەمگینن، بەڵام ئەمجارە هەوڵم داوە بەشێوەی خێراش گۆرانی بڵێم خەڵکیش زۆر دەستخۆشی لێکردووم .



# تەلار هیرانی: ژنەکەی ئەو ماڵە باس لـــ

**ماوەیەك لەمەوبەر مۆنۆدرامای (ژنەکەی ئەو ماڵە) پێشکەش کرا کە خاتوو تەلار هیرانی رۆڵی سەرەکی تێدا بینی، وەك هەموو کارە هونەرییـــەکان بووە مایـــەی رەزامەندی و دەستخۆشی هونەردۆستان، لە هەمان کاتدا لێـــرە و لەوێ دووچـــاری رەخنەش بۆوە، کە ئەمەش بە کارێکی ئاسایی دادەنرێت، چونکە هـــەر کارێك ئەگـــەر لەلایەن رەخنەگرانەوە بـــە وردی و لـــە نزیکـــەوە**



*** بیرۆکەی پێشکەش کردنی (ژنەکەی ئەو ماڵە) چۆن لاتان گەلاڵە بوو؟**

- (ژنەکەی ئەو ماڵە) تەنها بیرۆکە نەبوو، شتێک بێت لەچەند ساتێکدا دروســـت بووبێت، یان زادەی رامانێکی کورت یان بیرۆکەی یەکێکی تر بووبێت. شـــانۆ لەژیان دەدوێت، لەخاڵە لاوازو بەهێزەکان ورد دەبێتەوەو لەهەوڵی بەدەرخســـتنی ئەو شـــتانە دایە کەدیارنین یان دەشاردرێنەوە. (ژنەکەی ئەو ماڵە) دیاردەیەکی رۆژانەی کۆمەڵگای ئێمەیە، خیانەتی هاوســـەرێتی، پیاو سالاری و کوشـــتن . لەدوای راپەڕینەوە تا ئێستا قەد لەمێژووی دیاری خۆماندا ئەوەنـــدە ژن نەکوژراون! (ژنەکەی ئەو ماڵە) تەنها هەوڵدانێکـــە بۆ پەردە لادان لەســـەر ئەو دیارەدەیە، شانۆ لێرەدا راستەوخۆتر لەگەڵ خەڵکیدا دەدوێت و پەیامەکە دەگەیەنێت، زۆر لەســـەر ئەمە نووسراوەو کتێبیش لەبارەی ئەم دیارەدەیەوە هەن، بەس شـــانۆ زۆر زەقتر و راستەوخۆتر ئەم دیاردەیە دەردەخات.

***لە رێگای (ژنەکەی ئـــەو ماڵە)ەوە دەتانەوێ چ پەیامێك بگەیەنن؟**

- لەراستیدا پەیامەکە، جەختکردنە لەسەر بوونی ئەم دیاردەیە، چونکـــە زۆربەی خەڵکی لەگەڵیدا نین، بەڵام کەســـیش بەئازایەتییەوە لێی نادوێت، چونکە بـــۆ زۆران ئەمە بڤەیە، هەموو دەزانن کە دیاردەکە هەیە، بەڵام هەموانیش خۆی لـــێ گێـــل دەکەن، زۆر جـــار وتـــار و باس لەســـەر ئەم مەسەلەیە دەنووســـرێت، بەڵام هەردەم ڤێرشـــنی ژنان ونە، واتا خۆیان ژنان باس لەمە ناکەن، یان کە دەیکەن دەبێت زۆر شاراوەو نادیار باسی بکەن، ئەمەش وا دەکات کە مسداقییەتی نووسینەکانیش بکەوێتە ژێر پرسیارەوە. هەموو باس لە خیانەتی هاوســـەرێتی دەکەن، بەڵام هەردەم ژن تاوانبارە، چونکەکۆمەڵگاکەمان هەردەم شەرعییەت دەدات بەخەیانەتی پیاوان، من دەمەوێت بڵێم خەیانەتی هاوسەرێتی هەیە، دیاردەیەکی دزێوەو دەیان هۆکاریش هەن بۆ روودانیان.

*** لـــە گەیاندنی ئەو پەیامەدا ســـەرکەوتوو بوون و ئامانجەکەتان پێکا؟**

- ئـــەوە بۆ من نییە بیڵێم داخۆ ســـەرکەوتوو بووم یـــان نا، ئەمـــەرای بینەرو رەخنەگرانـــە، تۆ باس لەدیاردەیەکی بڤە دەکەیـــت، زۆر بە بەجەرگییەوە لێی دەدوێت، زۆر لەوانەی قســـەم لەگەڵ کردوون دەڵێن لەمەدا سەرکەوتوو بووم، ئەوەی تر بۆ بینەران بەجێدێڵم.

*** لێـــرە و لـــەوێ هەندێك رەخنـــەت لێگیرا، چۆن وەڵامیان دەدەیتەوە؟**

- زۆر باشەکەرەخنەگرتن هەبێت، دیارە من مەبەستم رەخنەی شانۆیی جیددیە، دەنا ئەوەی دێت و بەسەر قەڵەمێک و بەکەیفی خۆی خەتی چەپ و راست دەکێشـــێت بەســـەر کارێکدا کەزۆر ماندووبوون و جورئەت پێوە دیارەو بەناهەقیەوە باس لەوروژاندن بۆ وروژاندن دەکات، بەراســـتی ناهەقی دەکات، بەڵام هەموان ئازادن چۆن بیر دەکەنەوەو چی دەڵێن، من ئەمەشـــم لەبەر چاو بوو کاتێک ویســـتم ئەم کارە ئەنجامدەم.

*** چـــی بەوانە دەڵێی کە پێیانوایـــە تۆ تەنیا وەك لیبۆکێك دەهاتییە پێش چاو نەك وەك ئەکتەرێك؟**

- ئەرکی ئەکتەر و نووســـەر زۆر لەئەرکی ئەوانە قورسترە، کە لەســـێبەرداو دوای خواردنەوەی چەند چایەک و جگەرەکێشـــانێک بەهەوەســـی خۆیان دەکەونە وێژەی هەموو شـــتێک. باشـــە تۆ شانۆ پێشکەش دەکەیت، ئاخر تۆ بێیت واقیع وەک خۆی بگوازیتەوە ئەی وەزیفەی درامی چی لێدێت؟

تـــۆ لێبووکێکی منیش هەروا، هەموومان هەروایـن، هەموان ئەکتـــەرو لێبووکیشـــین. ئەمەش خۆی ژیانەو ئاواش پێم وابووە کەپەیامەکەم دەگات. هیوام وایە ئەوان خۆیان هەوڵدەن باشتر لەوەی من ئەنجامم دا بیکەن. مەیدانەکەکراوەیە، منیش دەستخۆشـــی لەوانە دەکەم کە نوێتر و بوێرانەتر ئەمەدەکەن.

*** ئایا ئەو وروژاندنەی لە شـــانۆگەرییەکە هەستی پێدەکرا مەبەست لێی چی بوو؟**

- لەم پرســـیارە بەروونی تێناگـــەم، وروژاندن لێرەدا ئەگەر مەبەســـتی وروژاندنی خودی باســـێکەکە بڤەیـــەو مـــن وروژاندوومە ئەوە پرســـیارەکە وەڵام دەداتەوە، چونکە تۆ هاتووی پرسێک، دیاردەیەک بەدیار دەخەی کەپێشـــتر باسی لێنەکراوەو بەگوێی خەڵکیدا دەدەیت. ئەگەر مەبەستیشـــت وروژاندنی ترە، ئەوا من بەراســـتی بەزەییم بەوانەدا دێتەوە کە ئاوا سادەو بەتەنکی لەمەسەلەکان دەگەن.

*** لەرووی دەرهێنانەوە تا چەند سەرکەوتوو بوون لە باس کردنی کێشەیەکی وەك خیانەتی هاوسەری؟**

- تـــۆ لەهەوڵدان دایـــت، لەئەزمووندایت، هەوڵیش دەدەیت، دەکرێت ســـەرکەوتوو بیت یان نا، دەکرێت

لەلایەنێک سەرکەوتوو تربێت لەیەکێکی تردا نا. من رەخنەگر نیم تا بزانم داخۆ هەموو رەگەزەکانی شانۆگەرییەکە سەرکەوتوو یان سەرکەوتوو نەبوون. بەڵام ئەوە دەزانم کەمن هەوڵ و ماندووبوونم لەم کارەدا بۆتە مایەی دەستخۆشی زۆران، بێگومان هەندێکی تریش بەپێچەوانەوە، ئەمەش زۆر ئاساییە.

***پێتوایە ئێستا کۆمەڵگەی کوردەواری ئەم جۆرە کارانە قبوڵ دەکات؟**

- پێت وانییە ئەم پرسیارە زۆر سەیرە؟ تۆ کۆمەڵگایەکت هەیە، دیاردەیەکی بەر چاوی خەیانەتی هاوسەرێتی تێدایە، رۆژانە ژن دەکوژرێن، لەرێگای ئینتەرنێت و مۆبایلەوە ئەتکی ئابرووی ژنان دەکرێت، پیاوە باڵادەست و پارەدارەکان لەقووڵبوونەوەی دیاردەکەدا بەشدارن، شەرعییەت دەدرێت بەخەیانەتی هاوسەرێتی بەپیاوان، پیاوانی ژندار بەفەخرەوە باس لەموغامەراتە عاتیفییەکانیان دەکەن، باس لەژنان وەک ئۆبجێکتیکی رەگەزی دەکرێت. تاد. پێت وایە ئەمانە هەموویان قبوڵ دەکرێن، بەڵام کاتێک یەکێک دێت و باس لەدیاردەکە بکات بەئاشکرایی قبوڵ نەکرێت؟ قبوڵ کردن چییە جگەدەست لەپشتدانی ئەوانەی بڕیار دروستدەکەن؟ لای زۆران هەر هەڵاتنە لەواقیع، چونکە دەستیان دەردەکەوێت و چیتر باسکردنی بقەکان بقە نامێنێت.

*** هەندێک کەس پێیانوایە دەرهێنەر وەك پێویست نەیتوانیوە سوود لە تەلار هیرانی وەربگرێت ئایا ئەمە راستە؟**

- ئەمەش لێدەگەڕێم بۆ رەخنەگرانی جیددی، تۆ خانوویەک دروستدەکەیت، لەوانەیە هەموو بەشەکانی خانووەکە وەک یەک پتەوو دیار نەبن، شانۆ، دراما و زۆر لە شتەکانی تریش هەر وان، لەهەندێک لایەندا بەهێز و لەهەندێکی تردا کەمتر بەهێزن. زۆرم پێخۆشە کە رەخنەکان بەزانستی بنووسرێن، دەنا زۆر ئاسانە هەرئاوا بەقسە هەرچی شاکاری شانۆییش هەیە(مەبەستم لەوەی خۆم نییە) بخەیتەبەر نەشتەرو توێکارییەوە.

*** بینەری کورد چۆن دەگەڕێتەوە بۆ شانۆ؟**

- شانۆ لەکوردستاندا دەیەیەکی زێڕینی خۆی لەهەشتاکاندا بەڕێکردووە. بەڵام داخۆ ئەو دەیەیە دەیەی شانۆ بووە، یان هۆکاری تر لەدواوەی بوون. من پێم وایەکە ئەوەی هەبووە زیاتر مەسەلەی هەڵوێستی سیاسی و کۆمەڵایەتی بووە کە جەماوەر ژان و خەونەکانی خۆی لەم بوارەدا دەبینییەوە. شانۆ بەبۆچوونی من هەرگیز وەک شانۆ، واتا وەک هونەرێکی ئیستاتیکی برەوی نەبووە لەکوردستاندا، بەڵکو ئامرازی سیاسی بوو بۆ ئەوەی کەخەڵک بتوانن بارگەی ڕق و خەونەکانیان لەگەڵ یەکدا و بەهۆی شانۆوە خاڵی کەنەوە، بەڵام ئەو پەیامە سیاسییەی شانۆ لەدوای ڕاپەڕیندا نامێنێت و شانۆش ناتوانێ پەیامێکی ئەلتەرناتیڤ ببینێتەوە، بۆیە دەبینین کەشانۆ سست دەنوێنێت، کاری شانۆیی کەمن و جەماوەریش کەمتر لەجاران شانۆ بەهەند وەردەگرن.

بەڵام من پێموایە لێرەوە سەرەتایەکی باشتر و تەندروستتر بۆ شانۆ لەکوردستان پەیدا دەبێت.

*** ئایا ئەوەی پێی دەڵێن قەیرانی شانۆ تەنیا لە کوردستان هەیە یان لە جیهاندا بە گشتی ئەم قەیرانە هەیە (قەیرانی شانۆ)؟**

- بۆ من زۆر ئاسان نییە ئەمە وەڵام دەمەوە، بەڵام ئەوە دەزانم کەشانۆکان لە وڵاتی سویددا هەردەم بینەریان هەیە و زۆر جاریش بەساڵ و مانگ بەردەوام دەبن. تا چەند ئەمە دەکرێت لەگەڵ کوردستاندا بەراورد بکرێت؟ کۆمەڵگای ئێمە یەک دنیا هەنگاوی ماوە تا لەزۆر ئاستەکاندا بچێتە پێش، دەکرێت شانۆش یەکێک بێت لەمانە، نازانم داخۆ شانۆ لەقەیراندایە، یاخود قەیران لەو رەگەزانەدان کەشانۆ دەکەنە بەشێکی دانەبراو و گرنگی کۆمەڵگاکان.



## ـه دیاردەیەکی بقە دەکات

**هەڵنەسەنگێندرێ و رەخنەی لێنەگیرێ و گرنگی پێ نەدەن ئەوا ناتوانرێ لایەنە باش و خراپەکانی لە دیدی خۆیانەوە روون بکەنەوە، (ژنەکەی ئەم ماڵە)ش بە هەمان شێوە لە رەخنە بێبەش نەبوو، بۆیە هەوڵماندا لەو دیمانەیەدا خاتوو تەلار هیرانی لە نزیکەوە وەڵامی ئەو ڕەخنانە بداتەوە کە ئاڕاستەی کراون**

# نازێ مەلەزانێکی وەرزشکار بووە

خانمە هونەرمەندی رۆژهەڵاتی کوردستان نازێ عەزیزی یەکێکە لەو کەسانەی کە زۆر حەز لە خواردنی ماسی دەکات و زۆریش لەگەڵ گۆشتی سوور دۆست نییە، لەم بارەیەوە نازێ لە پێوەندییەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان گوتی: بەپێی ئەو قسانەی بیستوومە و خوێندوومەتەوە گۆشتی سپی بە گشتی و گۆشتی ئاژەڵی ئاوی بەتایبەتی هزر و بیری مرۆڤ بەهێزتر دەکات، لە هەمان کاتدا وزەی زیاتر بە لەش دەبەخشێت و وای لێدەکات هەست بە فێنکی بکات لەبەرامبەر گەرما، بۆیە من هەفتانە ماسی دەخۆم و زۆریش بە کەمی گۆشتی سوور دەخۆم.

نازێ هەروەها دەڵێ: فەیلەسوفەکان پێیانوایە گۆشتی سوور هێزی مرۆڤایەتی تاکەکان کەم دەکات و بەرەو درندایەتی دەیانبات و لەوانەیە مەیلی خوێنڕشتنیان زیاتر بکات، دەربارەی ئەنجامدانی وەرزش و کاری خۆی بە حوکمی ئەوەی خۆی پێشتر یاریزانی مەلە بووە و لە بواری کشتوکاڵیش پسپۆرە دەڵێ: ئێستا لەبەر نەگونجاوی کات و نەبوونی شوێن وەکو پێویست وەرزش ئەنجام نادەم، هەروەها ماوەیەکە کارە تایبەتییەکانی خۆیشم راگرتووە و دەمەوێ زۆربەی کاتەکانی ئەم ساڵم بۆ هونەر تەرخان بکەم، لێرەشەوە بە پێویستی دەزانم سوپاسی جەماوەری خۆم بکەم کە سیدییە کەی منیان کۆپی نەکرد و زیاتر ئۆرجینالیان کڕی بەڵگەشم ئەوەیە کە دووجار کۆپی کراوە و داهاتەکەیشیم بۆ کاری خێرخوازی تەرخان کرد.





# ماگی:
# لۆست وەرچەرخانێک بوو لە ژیانمدا



ماگی گریس یەکێکە لە کچە ئەکتەرە و پاڵەوانەکانی زنجیرەی (لۆست) کە زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی سەرکەوتوو بوو و لە سەرتاسەری جیهان دەنگ و سەدایەکی زۆری هەبوو.

ماگی دەربارەی رۆڵی لەم زنجیرەیەدا دەڵێ: هەرچەندە من پێشتریش بەشداریم لە چەند کاریکی هونەریدا کردبوو، بەڵام لە رێگای (لۆست)ەوە زیاتر ناسرام و دوای ئەو زنجیرەی چەندین دەرهینەر و ئەکتەری ناوداری جیهانی داوایان لێکردم کاریان لەگەڵدا بکەم و رۆڵی سەرەکیشیان پێمدەدا، بەجۆریك دەتوانم بڵێم وەرچەرخانێك بوو لە ژیانی هونەریم، هەروەها زۆر سوپاسی ستافی کاری ئەم زنجیرەیە دەکەم کە زۆر هاوکارییان کردم و بە یەکەوە وەك خێزان لەو ماوەیەدا کارمان دەکرد.

ماگی بۆ کارەکانی داهاتووی دەڵێ: ئێستا دەرفەتی زۆرم لە پیشە بۆ کار کردن و هەوڵ دەدەن سوود لەو دەرفەتانە وەربگرم بۆ ئەوەی بوونی خۆم بسەلمێنم وەك ئەکتەرێکی سەرکەوتوو.

# فاتێ حەز دەکات منداڵەکانیشی ببنە هونەرمەند



زۆر لە هونەرمەندان ئەگەر لێیان بپرسی کە ئایا حەز دەکەن منداڵەکانیشیان ڕێی ئەوان بگرن و کاری هونەری بکەن، بە ڕاشکاوانە دەڵێن کاری هونەری بۆ ئێمەی کورد زۆر قورس و سەخت بووە و وەك پێویست ڕێز لە کارەکەمان نەگیراوە، بۆیە حەز ناکەین منداڵەکانیشمان وەك ئێمەیان بەسەر بێت تەنانەت هەندێکیان ڕێگریشیان لێدەکەن.

بەڵام خانمە هونەرمەند فاتێ پێچەوانەی زۆرێك لە هونەرمەندانەیە کە بەو شێوەیە بیر دەکەنەوە و دەڵێ: مرۆڤ کە کارێك دەکات حەز دەکات ڕۆڵەکانیشی بە گوێرەی توانا لەسەر هەمان کار بەردەوام بن و درێژەی پێ بدەن، من حەز دەکەم منداڵەکانم لە هەر کارێك کە لە ژیانیاندا ئەنجامی دەدەن سەرکەوتوو بن، لە دڵیشەوە حەز دەکەم ببم بە هونەرمەند و ڕێگای ئێمە بگرن، بەڵام ئەگەر خۆیان ئارەزوویان لە کاری هونەری نەبێت ناتوانم بە زۆر وایان لێبکەم بێنە ناو بوارەکەوە، چونکە مرۆڤ دەبێت خۆشەویستی هەبێت بۆ هونەر ئینجا دەتوانێت ببێت بە هونەرمەند لە هەمان کاتدا پێویستە بەهرە و توانایەکی هونەری زۆری تێدا بێت.

## هەیفا:
## ژیانی ئێستام وەک خەون وایە

خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی هەیفا وەهبی لە دیمانەیەکیدا داوای لە دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەی کرد کە پێویستە یاسای ڕەگەزنامە بگۆڕن بەشێوەیەك مافی زیاتر بە ئافرەت بدات.

هەیفا وەهبی لە دیمانەیەکی لەگەڵ کەناڵی (ئەلجەدیدە)ی لوبنانی، داوای کرد کە یاسای ڕەگەزنامەی لوبنان بگۆڕێت و ئافرەت مافی ئەوەی هەبێت ڕەگەزنامە بدات بە منداڵەکانی ئەگەر باوکیان لوبنانی نەبێت، چونکە زۆربەی ئافرەتە لوبنانییەکان بە دەست ئەو کێشەیەوە دەناڵێنن و دوور نییە لە دوارۆژدا ئەویش تووشی هەمان کێشە ببێتەوە، چونکە هاوسەرەکەی میسرییە.

هەیفا هەروەها گوتی: هاوسەرەکەم زۆر غیرەم لێدەکات بۆیە منیش ڕەچاوی بارودۆخی دەکەم و هیچ کارێکی وا ناکەم کە دڵی بریندار بکەم و خۆی و هاوسەرەکەی قوربانییەکی زۆر دەدەین لەپێناو مانەوەی ژیانی هاوسەرێتیمان، هەروەها وتی: سوپاسی خوای گەورە دەکەم، چونکە ژیانی ئێستام وەك خەونێك وایە و لە خەیاڵیشمدا نەبوو کە ژیانم بەو شێوەیە بێت.